# پارادایمی فێمینیستی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا

## ( توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ نامەکانی دکتۆرای بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دا )

**ئارام تۆفیق حمە سعید، عالیە فرج مستەفا**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:-** کەمی ئەدەبیاتی زانستی لە زمانی کوردیدا لەسەر پارادایمەکانی توێژینەوە لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ توێژەرانی نوێ ئاڵۆزی دروست دەکات، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات باس لە هەندێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بکات بە ئامانجی پێشکەشکردنی خستنەڕوویەکی ڕوون بۆ توێژەران لەم بوارەدا. ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێشکەشکردنی کورتەیەک لە پارادایمە جیاوازەکانی توێژینەوە، بە تایبەتی پارادایمی فێمینیستی. توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتدا دەکات لەسەر پارادایمی فێمینیستی و هەڵوێستە بوونناسی، مەعریفەناسی و میتۆدۆلۆژیەکانی ڕوون دەکاتەوە. هەروەها بە ووردی میتۆد و شێوازە جیاوازەکانی توێژینەوە پێناسە دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە لە هەڵبژاردنی پارادایمی توێژینەوەکەماندا سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەست بە ژنانەوە ئاگادار بین و توێژینەوەکانمان بە پەیوەندییەکی ڕوون لە نێوان سروشتی پارادایمی و چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەدا دابڕێژین. بڕیاری هەڵبژاردنی تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ توێژینەوەی دیاردەیەک یان بابەتێکی پەیوەست بە پرسەکانی ژنانەوە، گرنگە کە لەسەر بنەمای داواکاری و پێداویستییەکانی توێژینەوەیەک ڕێنمایی بکرێت. گرنگە کە توێژەران شێوازێکی گونجاو لە هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوە یان تێکەڵکردنی میتۆدەکاندا بگرنەبەر، بەڵام هەڵبژاردنی هەر میتۆدێکی توێژینەوە نابێت وەک نیشاندەری پێگەیەکی بوونناسی یان مەعریفەناسی لێکبدرێتەوە، بەو مانایەی کە هەڵبژاردنی پارادایمی توێژینەوە لە پێشنەی هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوەیە

**کلیلە ووشەکان-** پارادایمی توێژینەوە، فەلسەفەی فێمینیستی، پارادایمی فێمینیستی، بوونناسی، مەعریفەناسی، میتۆدناسی، میتۆدی توێژینەوە.

## پێشەکی

باسکردنی توێژینەوەی فێمێنیستی بەبێ ناوهێنانی چالاکی فێمینیستی بێ مانادەبێت، تەنانەت ناکرێت. چونکە توێژینەوەی فێمینیستی لە نێوکۆی ( Context) شەپۆلی دووەمی بزووتنەوەی فێمینستیەوە سەریهەڵداوە. ئەویش لە کارەکانی توێژەرە فێمینستەکان لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کە کاریان لەسەر بەراووردکردنی دۆخی ژنان لەگەڵ مۆدێلی توێژینەوەی باو. بەو مانایەی کە ئەو تیۆری و میتۆدانەی کە لە زانستیدا باوبوون بە تەواوەتی نەتوانرا کە بەسەر ئەوەی کە ڕوودەدات یان ئەوەی کە ژنان ئەزموونی دەکەن جێبەجێبکرێت.

پارادایمی فێمینیستی وەک پارادایمێکی ڕەخنەگر، کە لە بری مەعریفەی زانستی باو، یان پارادایمی پۆزیتیڤیزمی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ بەرهەمهێنانەوەی مەعریفەیەک کە لەسەر بنەمای ئەزموونکردنی ژنانەوە بەرهەمهاتووە، هاتەکایەوە. ئەم پارادایمە، خۆی لە چەندین تیۆرە و میتۆد و ئامرازی کۆکردنەوەی داتادا دەبینێتەوە، کە یارمەتی توێژەری فێمینیستی دەدات ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان سەبارەت بەدۆخی ژنان و پێگەلاوازەکانی کۆمەڵگا دەربخات.

توێژەر دەتوانێت تێگەشتن و بیروباوەڕی سەبارەت بە سروشتی واقیع " ڕاستی" بخاتەڕوو، و چی لەبارەیەوە دەتوانرێت بزانرێت و چۆن دەگەین بەو مەعریفەیە، ئەویش لە ڕێگای دیاریکردنی سێ پێگەی بوونناسی، مەعریفەناسی و میتۆدناسیەوە. ئەمانە ڕەگەزەکانی پارادایمی توێژینەوەن، بۆخۆی پارادایم بریتییە لە سیستەمێکی بیروباوەڕی بنەڕەتی و چوارچێوەی تیۆریی کە گریمانەکانی سەبارەت بە هەریەکە لە بوونناسی و مەعریفەناسی و میتۆدناسی و میتۆدەکان هەیە. بەمانایەکی تر، پارادایم بریتیە لە ڕێگای تێڕوانین و تێگەشتن لە واقیعی جیهان و توێژینەوەکردنی. ( Kuhn , 1962, p.22)

توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان، پارادایمی فێمینیستی وەک دونیابینی مەعریفی بەکاردەهێنن بۆ تێگەشتن لە خەبات، ئازار و تواناکانی ژنان. گرنگتر لە بەرهەمهێنانی مەعریفە، توێژەران هەوڵی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و دابینکردنی دادی کۆمەڵایەتی دەدەن بۆ گرووپە فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەتی ژنان، لە ژێر سایەی هەژموونی نێرسالاریدا.

### 1. بابەتی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا کورتەیەک لەسەر فەلسەفەی فێمینستی و شەپۆلەکانی بە گشتی باس دەکرێت، و بە کورتی لەبارەی پارادایمی توێژینەوەوە ڕوونکردنەوە دەدرێت، پاشان باس لە پارادایمی فێمینیستی دەکرێت لەژێر تیشکی هەریەکە لە بوونناسی،

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 10، العدد 1(2024) ؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v10n1y2024.pp80-88

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 17 تشرين الاول 2023؛ قُبل في 22 تشرين الثاني 2023؛ نُشرت في 6 شباط 2024؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: aram.hamasaiid@univsul.edu.iq, alia.mustafa@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2024 ئارام تۆفیق حمە سعید، عالیە فرج مستەفا. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

مەعریفەناسی و میتۆدناسی و میتۆدا. لەگەڵ باسکردن لە میتۆدە گرنگەکانی ئەم پاردایمە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا .

توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان لە هەڵبژاردنی میتۆدەکانی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی پشت بە پێگە بووناسی ومەعریفەناسیەکان دەبەستن. لەسەر ئەو بنەمایەوە میتۆدۆلۆژیای تایبەت بە توێژینەوەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەم پرۆسەیە هەموو کات و لای هەموو توێژەرێک بەم دروستیە پەیڕەوناکرێت. توێژەران یان ئاگاداری پارادایمەکانی توێژینەوە نین، یان لەسەر جۆرێک لە کولتوری ئەنجامدانی توێژینەوەوە میتۆدەکان هەڵدەبژێرن. بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی میتۆد بۆ توێژینەوە لە سەر بابەتی پەیوەست بە ژنان و پێگەکۆمەڵایەتیەکانەوە میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی باون لە توێژینەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، لە عێراق و کوردستان بە تایبەتی. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی توێژەران بە پرۆسەی هەڵبژاردنی میتۆدۆلۆژی فێمینستی لە ڕێگای ناساندنی پارادایمەکەوە.

## 2. گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە سەرنج ڕادەکێشیت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پارادایمەکانی توێژینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا. بە تایبەت پارادایمی فێمینستی، کە کەمتر وەک پارادایمێکی باو بەکاردەهێنرێت. هەروەها بابەتێکە کە کەمتر لە ئەدەبیاتی و دونیای ئەکادیمی کوردیدا دەبینرێت. بە تایبەتی بەشێوەیەکی ڕوون و سادە و ئاسان بۆ تێگەشتن، لەگەڵ ئەوەی کە بنەما گرنگەکانی پارادایمی فێمینیستی و ڕەخنەکانی دەخرێنەڕوو. بۆ توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی زانستی کۆمەڵناسی گرنگی دەبێت.

## 3. ئامانجی توێژینەوە

1. ئەم توێژینەوەیە، بە پلەی یەکەم بۆ ئاشناکردنی توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکانە بە گشتی، و بە توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی بە تایبەتی بە پارادایمەکانی توێژینەوە و پارادایمی فێمینستی بە ووردی .
2. بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتدا دەکات لەسەر پارادایمی فێمینیستی ، جیاوازییەکانی لەگەڵ پارادایمەکانی شیکارگەرایی، پۆزیتیڤیستی و ڕەخنەیی دیاری دەکات و هەڵوێستە بووناسی و مەعریفەناسی و میتۆدناسیەکانیان ڕوون دەکاتەوە.
3. هەوڵدەدات باس لە هەندێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی ناو توێژینەوەکە بکات وەک هەڵبژاردنی میتۆد و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا سەبارەت بە پارادایمی فێمینیستی بە ئامانجی پێشکەشکردنی دەرخستەیەکی ڕوون بۆ توێژەرانی تازە.

## 4. میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیە میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە وەک یەکێک لە میتۆدە کاریگەرەکانی توێژینەوەی زانستی، بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوەی هەموو ئەو تیۆرەکۆمەڵایەتیە زانستیانەی جێگر بووە وەک سەرچاوەی زانستی بەکاردەهێنرێت . (Hsieh&Shannon,2011:1278)ئەم میتۆدە بەکارهاتووە بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پارادایمی فێمینستی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، بە دیدێکی ڕەخنەییەوە .

سنووری بابەتی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدۆلۆجی، بە تایبەتی خستنەڕووی پارادایمەکانی توێژینەوە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، لەم توێژینەوەدا زیاتر تیشکخراوەتە سەر پارادایمی فیمینسیتی و میتۆدە باوەکانی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا.

## 5. ناساندنی چەمکی پارادایم

تۆماس کوهن Tomas Kuhn لە ساڵی ١٩٦٢ دا چەمکی " پارادایم " Paradigm ی ناساند بۆ نێو گووتار " مژار " ی فەلسەفی، زانستی و ڕۆژانەوە.پاشان لە ساڵەکانی ١٩٧٠کاندا هاتەناو گووتاری کۆمەڵناسیەوە و گفتوگۆ سەبارەت بە سووده ڕێژەییەکانی پارەدایمەکان بەردەوام بوو بۆ چەندین دەیە.

کوهن باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگای زانستی پارادایمێک یان " چوارچێوەیەکی دیسپلین" هاوبەشی دەکەن، کە پێکدێت لە تێڕوانین بۆ سروشتی ڕاستی "گریمانە بووناسیەکان"، چەمکەکان، تیۆرییەکان، و تەکنیکەکانی لێتوێژینەوە کە وەک میتۆد " ڕێباز "دادەنرێن "گریمانە مەعریفەناسیەکان"، هەروەها نموونەی دەستکەوتە زانستیەکانی پێشووتر کە مۆدێلەکانی پراکتیزەکردنی زانستی بەردەست دەخات. بەکارهێنانی چەمکەکە لەم توێژینەوەیەدا پەیوەستە بە ڕوانگەی کوهنەوە.

لە پێناسەیەکی دیکەدا، پارادایم بە چوارچێوەیەکی ڕێکخەری گشتی تیۆری و توێژینەوە دەووترێت کە گریمانە بنەڕەتیەکان، کێشە سەرەکییەکان، ڕێڕەوەکانی چۆنێتی توێژینەوە و میتۆدەکانی گەیشتن بە وەڵامەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها پارادایم بە توێژەر دەڵێت کە بۆچی دەگەڕێت و لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی لێکۆڵینەوەدا ڕەوای ئەو پارادایمەدا چی ڕوودەدات ؟ ( محمدپور، ٢٠١٣، ل ٤٤)

پارادایم یان پارادیگم (Paradigm) بەکوردی بە مانای ( نموونە) و بە عەرەبی بە مانای ( نموذج – مثال) یان ( النموذج المثالی) دێت. واتە نموونەی شۆڕشی زانستی. کۆهن پێی وایە کاتێک زانایان ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی زانستی دەبنەوە کە بەپێی شێوەی باوی زانست چارەسەر ناکرێت، ئەوسا شۆڕشی زانستی ڕوودەدات، کە شێوازی باو بەجێدەهێڵرێت بۆ چارەسەرکردن و بوونیادنانی تیۆری نوێ، بەم مانایە پارادایم بریتیە لە ڕوانین بۆ دونیا، یان دونیا بینی زانستی. ( ئەسوەد، ٢٠١٥، ل ١٠٥). لە پارادایمە دیارەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لە پارادایمی پۆزیتیڤیزمی، پارادایمی بوونیادگەرایی شیکاری، پارادایمی ڕەخنەیی، پارادایمی پراگماتی، پاش مۆدێرن و فێمینیستی. لەم توێژینەوەیەدا تەنها تەرکیز لەسەر پارادایمی فێمینیستی دەکرێت.

## 6. فەلسەفەی فیمینیزمی

فێمینیزم وەک چەمکێکی فەلسەفی کە تەنها وەک فەلسەفیەک کاریگەری نەبووە، بەڵکو وەک بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕێگا و ڕێبازی شیکردنەوەی توێژینەوەش ، لە چوارچێوەی پارادایمی توێژینەوەدا، وەک بەرەنگارییەک سەبارەت بە پارادایمی کلاسیکیەکانی وەک پۆزیتیڤیزمیدا وەدەرکەوت. بزووتنەوەی فێمینیزم، بۆخۆی بزووتنەوەیەکی ڕۆژئاواییە و وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بۆ پرسی ژنان دەرکەوتووە. کە ئامانجی سەرەکی کارکردن بووە لەسەر نەهێشتنی جیاکاری جێندەری لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا.

چەمکی فێمینیزم (Feminism) لە بنەڕەتدا ووشەیەکی لاتینیە بە ( Femina ) دێت، کە لەبری ووشەی ژن یان (Woman) بەکارهاتووە، پاشان لە زمانی ئینگلیزیدا ووشەی (Feminine) و لە زمانی فەرەنسیدا ووشەی (Féminisme) بەکاردێت. لە سادەترین پێناسەیدا فێمینیزم بریتیە لە " داماڵینی وەعی " تاک پاشان گشتی " لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشێک دژی ناهاوسەنگی هێزی ڕەگەزی و نەهێشتنی پەراوێزخستنی

JUHD | https://doi.org/10.21928/juhd.v10n1y2024.pp80-88

تەواوی ژنان لە ساتێکی مێژووی دیاریکراودا".

لە گرنگترین هۆکارەکانی دەرکەوتن و بەهێزبوونی هزری فێمینیستی پەیوەستە بە هەژموونی پیاوسالارییەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، و وەبەرهەمهێنانەوەی ئەم هزرە لە ئایدۆلۆجیا و سیستەمە جیاوازەکانی دەستەڵاتدا. لە پەیوەندیدا بە هەژموونی نێرسالارییەوە، کۆمەڵناسی و فەیلەسوفی فەرەنسی ( پییەر بۆردۆ) دەڵێت" لە ئەنجامی بەهێزبوونی دەستەڵات و کۆنترۆڵکردنێکی ناهۆشیارانەی گشتی لای مرۆڤ، وایکردووە کە ژنان ببنە رەگەزێکی نەبینراو و هەستپێنەکراو لە نێوان پەیوەندییەکانی ژن و پیاودا، ئەم هێزە شاراوەیەش زیاندەگەیەنێت، بەڵام ئەوەندە هەیە کە لەم دۆخە ناهۆشیارە دەتوانین دەربچین و بیگۆڕین بۆ دۆخی هۆشیاری. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ژنان لە ڕێگەی هەوڵ و بیر و توانیستی خۆیان، یان لە ڕێگەی یەکگرتنی بزووتنەوە جیاوازەکانەوە، کە مەبەستیانە گۆڕانکاری بکەن، لەبری پڕۆژەیتر بخەنەڕوو". (جمال، ٢٠١٧، ل. ١٢)

لەم تێگەشتنەوە، بزووتنەوەی فێمینستی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە و کار بۆ گۆڕانکاری دەکات، و ئامانجی دژایەتیکردن و لەناوبردنی هەڵە باوەکانە کە لە کۆمەڵگادا ژن پەراوێزدەخەن، و ژن لە مرۆڤێکی نادیارەوە بگۆڕیت بۆ مرۆڤێکی چالاک لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا .

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی هزری فێمینیزمی، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە نوسەران دەیگێڕنەوە بۆ مێژووی کۆن و بەرەنگاری ژنانوەک سۆزان گریفین و ئاندری میشێل، و هەندێک لە سەرەکانی سەدەی ١٥ ەوە ئەژماری دەکەن وەک کریستینا دوپیزان. بەڵام لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەوە، بزووتنەوەی فێمینیستی سەرهەڵدەدات، لەگەڵ گەشەسەندنی بیری لیبراڵیدا. لەسەدی نۆزدەوە و لەسەر بنەمای هزر و نوسینەکانی سیمۆن دی بوڤوارەوە لە ساڵی ١٩٤٩ ەوە بە تایبەت لە کتێبی " ڕەگەزی دووەم "ەوە گەشە بە هزری فێمینیستی لە ئەوروپادا درا. (جمال، ٢٠١٧، ل. ١٤)

هزری فێمینیستی تەنها لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەدەرنەکەتووە، بەڵکو وەک تیۆرییەکی زانستی لەبەرامبەر تیۆرییە کلاسیکیەکاندا، وەک تیۆرییەکی ڕەخنەی لە کایەی زانستیدا گەشەی سەند. تیۆری فێمینیستی، ئامانجی تێگەشتنە لە جیاوازی ڕەگەزی و ئەو نایەکسانییەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە. لە لایەکی ترە، تیۆرەکانی فێمینیزم جەخت دەکەنەوە لەسەر باشترکردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان، بە تایبەت لەسەر ئەو بابەتانەی کە جیاکاری ڕەگەزی دروست دەکات و پیاوسالاری لە کۆمەڵگادا گەشە پێدەدات. لە ئاستێکی تردا، تیۆریەکانی فێمینیستی، تیۆرییەکی ڕەخنەگرن، بە تایبەت لە دەستەڵات، کە کاریگەری لەسەر دارشتنەوەی پەیوەنیدییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەبێت، و ڕەخنە لە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەستەڵات دەگرن لە کۆمەڵگادا. (ئەمین، ٢٠١٧، ل. ٢٧)

هزری فێمینیستی خۆی لە چەندین پۆلێنی جیاوازدا دەردەخات، لەسەر بنەمای دۆخی ژنان لە قۆناخە جیاوازەکانی مێژوودا، لەسەر ئەم بنەما و شەپۆلە فیکریانەوە تیگەشتن و تیۆری جیاواز گەشەدەکات. شەپۆلەکان بە کورتی بریتین لە :

**یەکەم : فێمینیستی لیبراڵ:**

ئەم جۆرەیان زۆرترین و فراوانترین تێگەشتنە لە تیۆری فێمینیستی کە بڕوایان وایە ژنان و پیاوان یەکسان نین ، و هەوڵی فێمینیستی بریتیە لە یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان. وەک بزووتنەوەی سیاسی سەر بە حیزبی لیبراڵن، ئامانجی سەرەکیان بریتیە لە خزمەتکردنی ژنان لە هەر بارودۆخێکدا، پاشان جەختیان لەسەر کارکردنی ژنان کردووەتەوە، وەک ڕێگەیەک بۆ بەشداربوونی چالاکانە لە کایەکانی کۆمەڵگادا. (ئەمین، ٢٠١٧)

**دووەم: فێمینیستی مارکسی :**

لە ژێر کاریگەری تیۆری ململانێی مارکس و لە بینایی تیۆرییەکەوە لە ژنان دەڕوانن. پێیان وایە کە سیستەمی سەرمایەداری ژنانی بەکارهێناوەتەوە لە ناو دۆخێکی نایەکساندا ، هەمان نایەکسانی بەرهەمهێناوەتەوە. ئەم شەپۆلە بزووتنەوەی ژنانەی چەپ بوون، لە ڕێگای چەسپاندنی ئایدۆلۆژیای مارکسیەوە، مافی ژنان لە یەکسانی لە ژیانی ڕۆژانە و کایەی سیاسیدا بەدەستبهێنن. فێمینیزمی مارکسی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن ئایدۆلۆژیای جێندەری مێینەیی و پیاوسالاری لە سیستەمی سەرمایەداریدا لە ڕووی بوونیادییەوە بەرهەمدەهێنرێتەوە. هەروەها، تەحەدای سەرەکیبوونی بەهای سەرمایەداری دەکات بۆ دیاریکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان. (Armstrong, 2020)

**سێیەم : فێمینیزمی بوونگەرایی:**

سەر بە قوتابخانەی بوونگەرایی سیمۆن دی بوڤوارن، لە پەرەپێدەراکانی ئەم هرزە بوو، و لە گرنگترین کتێبە بەناوبانگەکانی کتێبی " ڕەگەزی دووەم"ە، بیری ئەم شەپۆلە زیاتر لە سەر ئاستی گرووپ بووە نەک گشتگیری. فێمینیستە بوونگەراییەکان جەخت لەسەر چەمکەکانی وەک ئازادی و پەیوەندنێوخۆییەکانی نێوان کەسەکان و ئەزموونی ژیان وەک جەستەیەکی مرۆڤ دەکەنەوە. ئەوان بەهای توانایی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەرز دەنرخێنن، بەڵام پێشیان وایە ، کە ترس لە گۆڕانکاری و خۆهەڵخەڵەتاندنی تاک لە هێزی ئەم تواناییە کەم دەکاتەوە.

**چوارەم : فێمینیستی ڕادیکاڵ :**

ئەم جۆرە زۆر توند لە کاریگەری نێرساڵاری لە ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگا دەڕوانن، بە تایبەت لە چەوساندنەوەی ژنان دا. لای ڕادیکاڵەکان تێگەشتن لە تیۆری فێمینیستی بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگا مەبەستدارانە ژنان دەچەوسێننەوە، هەروەها لە سیستەمی سەرمایەداریدا ئەم زوڵمە بەرهەمدەهێنرێتەوە. ئەمان پێیان وایە کە چەوسانەوەی ژنان جەوهەری چەوسانەوەکانی دیکەیە و ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی تری چەوسانەوە لە کۆمەڵگادا.

فێمینیزمی ڕادیکاڵی ئەو ڕوانگەیەکە لەناو فێمینیزمدا کە داوای ڕێکخستنەوەی ڕیشەیی کۆمەڵگا دەکات، کە تیایدا باڵادەستی پیاو لە هەموو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا نەهێڵرێت، لە هەمان کاتدا دان بەوەدا دەنێت کە ئەزموونەکانی ژنان لە ژێر کاریگەری دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشدان وەک لە ڕەگەز، چین ، و ئاراستەی سێکسی. ئایدۆلۆژیا و بزووتنەوەکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵداوە. (Giardina, 2010)

**پێنجەم : فێمینیستی پارێزگار ( Conservative ) :**

فێمینیزم لە زۆر ڕووەوە بزووتنەوەیەکە سەبارەت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە لە کولتوور و پەیوەندیی دەسەڵاتی نێوان ژن و پیاودا. یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی فێمینیزمی شەپۆلی دووەم، فراوانکردنی پێگەی ژنان بوو لە دەرەوەی ڕۆڵی دیاریکراویان وەک دایک و ژن. بەڵام فێمینیزمی پارێزگاران، یان کۆنەپەرستانە

وەرگرتنی ڕەگەزێکی جەوهەریتری هەیە کە هەوڵدەدات بەهای ئەم ڕۆڵە تەقلیدیانەی ژنان وەک ژن و دایک جێگیر بکاتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی پەیوەستبوونی پۆستفێمینیزم بە فێمینیستە تەقلیدییەوە ئەوەیە کە هەردوو بزووتنەوەکە دەڵێن فێمینیزم وەک بزوێنەرێکی شۆڕشگێڕانەی گۆڕانکاری کۆتایی هاتووە. لای فێمینیستە کۆنەپەرستەکان، ژنان لەبری ئەوەی بەردەوام بن لە خەباتی فێمینستیەکانیان، پێویستە بگەڕێنەوە ناو ماڵ، لە هەمان کاتدا چانسی ئەوەیان هەبێت هەموو ئەو کارانە بکەن، و دەتوانن سەرنجی خۆیان بخەنە سەر پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بۆ پێگەی ژن لە ڕۆژئاوا بەدەستیانهێناون و باشترکردنی پەیوەندییەکانی جێندەری لە ناوچەکانی تری جیهاندا. (Valenti, 2010)

تەنانەت، ئەم شەپۆلە بڕوایان بە سێکسی هاوڕەگەز نییە و بە شتێکی نامۆی هەژماردەکەن، پێیان وایە کە سنور بەزاندی ئازادییە کەسیەکانە و دەبێت ڕێز لە سنوری ئازادی تاکەکان بگیرێت. (ئەمین ،٢٠١٧، ل. ٣٠)

لەگەڵ ئەوەی ئەمانە گرنگترین و بەرفراوانترین شەپۆلە تیۆرییەکانی فیمینیستین بەڵام چەند جۆرێکی تری ئەم هزرەیە کە لێرەدا ئاماژەی پێنەکراون.

## پارادایمی فێمینیستی (Feminist Paradigm) :

توێژینەوەی فێمینیستی لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە پرەنسیبەکانی خەباتی فێمینیستیەوە. توێژینەوە فێمینیستیەکان تەحەددای بوونیاد و ئایدۆلۆجییە بنەڕەتیەکان دەکەن کە ژنان دەچەوسێننەوە، لە ڕێگای دۆکیومێنتکردنی ژیانی ژنان، ئەزموونەکانیان، خەمەکان، و دەرخستنی کڵێشەکاری جێندەری و لایەنگری جێندەری، وە هەڵدانەوەی مەعریفە چەپێنراوەکانی ژنان(Hesse-Biber and Sharlene Nagy, 2007, p:13) .

توێژینەوەی فێمینیستەکان لە کۆمەڵێک بیرکردنەوە و ڕوانگەیەکی یەکگرتووەوە سەرچاوە ناگرێت. بەڵام دیدگا فێمینیستەکان بیرۆکەی هاوبەشیان هەیە. ئەم بیرۆکە باوانە ئەوە دەگەیەنن کە توێژینەوەی فێمینیست ڕەنگدانەوەی لەسەر پەراوێزخستنی ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەیە. جگە لەوەش، توێژەرە فێمینیستەکان ڕەخنە لە نۆرمە باڵادەستەکانی زانست دەگرێت کە باڵادەستی پیاو دەپارێزن بە کێشەکردنی پەیوەندییە پلەبەندییەکانی دەسەڵاتی جێندەری و بە دامەزراندنی ڕێبازەکانی توێژینەوە کە لەسەر بنەمای یەکسان دامەزراون.

(Dragica Vujadinović, 2023, p. 187)

ئامانجی توێژینەوە فێمینیستەکان بریتییە لە بەهێزکردن و ئازادکردنی ژنان و گرووپە پێگەلاوازەکانی تر، و دەرئەنجامی توێژینەوەکان دەخەنەگەڕ بۆ بەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دادی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان.

میتۆدۆلۆژیا پەیوەندی بە بەکارهێنانی تیۆری و میتۆدەکانەوە هەیە لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا، کە بە ڕێبازە جیاوازەکانی مەعریفەناسی و بوونناسی ئاگادار دەکرێنەوە لە ڕەخنەگرتن لە توێژینەوە نەریتی و پیاوسالارییەکان، فێمینیستەکان میتۆدۆلۆژیای جێگرەوەیان پێشنیار کردووە کە بەهۆی مەعریفەناسی و بوونناسی خۆیانەوە ئاگادار دەکرێنەوە؛ بۆ ئەو ڕێگایانەی کە مرۆڤ لە جیهان تێدەگات و ئەو زانیاریانەی کە لەبارەی جیهانەوە بەرهەم دەهێنرێن (Hesse-Biber and Sharlene Nagy, 2007, p. 14) .

میتۆدۆلۆژیای فێمینیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەعریفە لە چوارچێوەیەکدا بەرهەم دێت کە تێیدا ناتوانرێت بە ئاسانی مانا و ئەزموون جیا بکرێتەوە. لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، زانا و توێژەرانی فێمینیست هەوڵیان داوە پەیوەندی لە نێوان بیرۆکە، ئەزموون و واقیعدا دروست بکەن. جگە لەوەش، توێژینەوەی فێمینیستی لەسەر بنەمای دیدگا تیۆرییە فێمینیستەکان دامەزراوە و کە بەشێکی بەرچاون لە سیاسەتی فێمینیستی، کە تەحەدای هێز و مەعریفەی بەرهەمهاتووی لایەنگری پیاوانە دەکەن. لەبەرئەوە، توێژەرانی فێمینیستی بە ئاگادارییەوە تیۆرییان لەسەر بنەمای پراکتیک پەرەپێداوە. بۆیە زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە لەلایەن فێمینیستەکانەوە ئەنجام دەدرێن، سوود لە ئەزموونەکانی ژنان وەردەگرن (Dragica Vujadinović, 2023, p. 187) .

پارادایمی توێژینەوەی فێمینیستی بریتیە لە فکرەیەک کە فێمینیستەکان لە چەند شێوازێکی جیاوازدا چەمکسازیان بۆ کردووە. لەوانە، توێژینەوەیەکە کە لە دیدگای فێمێنیستیەوە ئەنجام دەدرێت، توێژینەوە سەبارەت بە چەوسانەوەی ژنان، توێژینەوە بنەمای گرتووە و لە ژیانی ڕۆژانەی ژنانەوە دەستپیدەکات، توێژینەوەیەکە کە بوونیادی کۆمەڵایەتی جێندەر لە سەنتەری شیکاریەکاندیدا دادەنێت، یان توێژینەوەیەکە کە کێشەی توێژینەوەکەی لەسەر ئەزموونەکانی ژنانەوە دادەڕژێت (Moloney, 1996.p 4) .

سەبارەت بە میتۆدی زانستی تایبەت بە توێژینەوەی فێمینیستی، گفتوگۆ لەسەر بوونی یان نەبوونی میتۆدی تایبەت بە توێژینەوەی فێمینیستی هەیە، ئەم تێگەشتنانەش پەیوەستە بە پێگە فەلسەفی و تیۆرییەکانەوە. وەک هەر یەکە لە فێمینیستی " لیبراڵ، ڕادیکاڵ و فێمینیستی مارکسی(Moloney, 1996) ."

لە نیوەی سەدەی ڕابردووەوە، توێژەر و تیۆریستە فێمینیستەکان ژمارەیەکی زۆر لە ئەدەبیاتی فێمینیستیان بەرهەمهێناوە کە پەیوەندی فێمینیزم لەگەڵ مەعریفەناسی و میتۆدناسی زانستە تەقلیدییەکاندا هەڵدەسەنگێنێت .

هەوڵی توێژینەوە فێمێنیزمی لەنێوان گونجاندن لەگەڵ توێژینەوە باڵادەستە تەقلیدیەکاندا، و تا دەگاتە ڕەتکردنەوەی تەواوەتی مەعریفەناسی پۆزەتیڤیستی و ئەو میتۆدە چەندێتیانەی کە بەگشتی پەیوەستن پێیانەوە. فێمینیستەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسی بەرفراوان دەبنەوە لەوانە چەمکەکانی بابەتیبوون ، عەقڵانییەت، ڕۆڵی توێژەر، و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی میتۆدە جۆراوجۆرەکانی توێژینەوەی چەندێتی وچۆنیەتی .

فێمینیستەکان بە سوودوەرگرتن لە ڕەخنەکانی دیکەی مەعریفەناسی پۆزەتیڤیستی و شێوازەکانی توێژینەوەی تەقلیدی، لە نەریتەکانی وەک ئێتنۆمیتۆدۆلۆژی و تیۆری ڕەخنەیی، دەتوانن هەم توانای ئەم تیۆریانە بۆ پڕۆژەی لێکۆڵینەوەی فێمینیستی هەڵبسەنگێنن و هەم ئەم تیۆریانە بە ڕەخنەگرتن لە نەریتە زانستی و میتۆدۆلۆژییەکان فراوانتر بکەن.

### 1.7. بوونناسی لای پارادایمی فێمینیستی:

هەروەک چۆن ڕاستی لای پۆزیڤیستەکان سەربەخۆیە لە هەستی مرۆڤ، و لای بوونیادگەرایی و شیکارگەرایی و ڕەخنەییەکان ڕاستی لە ڕێگەی ئەزموونە زەینییەکانی خۆمانەوە پێکدەهێنرێن و دەرک دەکرێن. تێگەشتن لە ڕاستی لە بوونناسی فێمینستیدا، لە دیدێکی جیاوازترەوە دەبینرێت، کە پەیوەستە بە " هەڵوێست وەرگرتنی ڕەگەزییەوە". واتە ڕووکەشی دیاردەکان، ئەوانەی کە دەبینرێن، دەرخەری ژێرخانە ڕەگەزی و میکانیزمە پیاوسالارییەکانە، یان پیاوسەنتەرییەکانە.

لەبەرئەوە ڕێبازی دیالێکتیکی فێمینیستی شیاو و بەتوانایە بۆ دەرخستن و لەناوبردن یان سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان، کە بەهۆی میکانیزم و هەلومەرجە کولتوریە نایەکسانەکانەوە چەسپاون.

پێگەی بووناسی فێمینیستی هاوشێوەی پێگەی بوونیادگەرایی و شیکارگەراییەکانە، کە جەخت لە ڕێژەگەرایی ڕەگەزیدا دەکاتەوە. پێی وایە کە ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی زاڵبوونی لۆژیکی مەعریفەی پۆزیتیڤیزمیەوە، وەک بابەتکەلێکی بە ڕەگەزکراو پێناسە دەکرێن. لەم دیدەوە، هەموو ڕاستەیەک تایبەتمەندی ڕەگەزی هەیە ، و مێژوو کردە وەک بەشێک لە ڕاستەیەکە دەبینرێت. لەسەر ئەم بنەمایەوە فێمینیستەکان میتۆدی ئیتنۆگرافی (Ethnography) دامەزراوەیی داهێنا و بەکاریدەهێنن بۆ ڕوونکردنەوەی خەسڵەتە ڕەگەزییەکانی ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان. ڕاستیە بەڕەگەزکراوەکان وەک ڕاستیەکی بوونیادگەرایی لە ژێر کاریگەری دەستەڵات و سەرچاوەکانیدایە، لەبەرئەوەی گرنگە بەمەبەستی خوێندنەوەی جەوهەری و تێگەشتن لە دیاردەکانم پێویستە ڕاستەکان دەربخرێن و ئیبۆخەی بۆ بکرێن.

Epoche : ئیپۆخە، یان لە کەوانەدانان، واتە ستراتیژیەتی شیکردنەوەی دیاردەکان کە تێیدا هەموو جۆرە دادوەرییەکی دەرەکی لە دیاردەکە لە کەوانە دەکرێن و دوور دەخرێنەوە، بەمەبەستی تێگەشتی وورد و جەوهەری لە دیاردەک بە سەربەخۆیی.
(محمدپور،٢٠١٣، ل. ١٠٥)

**2.7. مەعریفەناسی لای پارادایمی فێمینیستی:**

لای فێمینیستەکان مەعریفە وەک کۆمەڵێک ساخکردنەوە، زانین و شوناسە ڕەگەزیی بەڕواڵەت ڕێکخراوەکان پێناسە دەکەن کە لە مێژوویی دەستەڵاتی پیاوانەوە پێکهێنراون. تێگەشتن لە ژن، وەک مەعریفەیەک کە پەیوەستی هەیە بە هەست کردن بە سۆز و کوێری جێندەری ( Gender Blindness) لەناو زانستدا وای کردووە کەمتر تەرکیزی لەسەر بێت. مەعریفەی فێمینیستی وەک پارادایمەکانی تری وەک ڕەخنەیی و شیکارگەرایی لەسەر بنەمای پرۆسەی دیالێکتیکی و دووبارە تێرامادا گەشەی سەندووە. بنەمای ئەم دیدگایەش بریتیە لە هەستکردن و تێگەشتن لە مرۆڤەکانی تر، بە تایبەت ئەوانەی کە تێڕوانینی گشتیدا، سەرنج لەسەر ژیان و مەعریفە و دنیابینیەکانیان نیە.

لە مەعریفەی فێمینستیدا، جیهانبینی نێوان ژن و پیاو خاڵی جەوهەریە، و بەردەوام خۆیان لە گشاندنی دەرئەنجامەکانی پارادایمەکانی دی دەپارێزن. چونکە پێیان وایە کە جیهانی کۆمەڵایەتی و توخمەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە جیاوازی بنەڕەتیان هەیە. (محمدپور،٢٠١٣،ل ١٠٨)

مەعریفەناسی پارادایمی فێمینستی لە چەند پرسیارێکی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە : کێ مەعریفە بەرهەمدەهێنێت؟ مەعریفەی چ کەسێک ؟ کێ بۆ کێ دەدوێت؟ لە مەعریفەناسی فێمینستیدا گرنگی دراوە بە باسکردنی پەیوەندی نێوان مەعریفە و دەستەڵات. پێیان وایە، کە جیاوازی بنەڕەتی هەیە لە نێوان جیهانی ژنان و پیاواندا، بە مانایەکی تر، بروایان بە دوالیزم هەیە. لەم دیدەوە، هەموو ئەو ڕاستیانەی کە پۆزیڤیستەکان وەک شت یان بابەتیانە لە بارەی جیهانی کۆمەڵایەتیەوە چەمکسازییان بۆ کردووە، تەنها بۆ پاراستنی کۆنەپارێزانەی دەستەڵاتە لە پانتایی زانستدا. لە بری ئامرازە پۆزیڤیستەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستە کۆمەڵایەتیەکان، مەعریفەناسی فێمینیستی پێشنیاری هەڵکۆڵینی قووڵترین لایەنەکانی ڕاستی کۆمەڵایەتی دەکەن. ئەویش لە ڕێگای دانانی پەیوەندییەکی هاوسۆزانە و دژە هەرەمی کە تێیدا دووری ومەودای نێوان توێژەر و بابەتی توێژینەوەکە بۆ کەمترین مەودا کەمبکرێتەوە.

لە هەمانکاتدا، توێژەرە فێمینستەکان بایەخ بە ئەزموونی لێتوێژراو دەدەن، ڕەوایی دەدرێت بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنان لە ئێوکۆیەکی دیاریکراودا.

توێژەرانی پارادایمی فێمێنیستی، پێیان وایە کە گرنگە توێژینەوەی فێمینیستی لەسەر ژنان، لە لایەن توێژەری ژنانەوە لەگەڵ ژناندا جێبەجێبکرێت، چونکە تێگەشتنی بابەتیبوونی پۆزیتیڤیستانە تەنها ئۆبژەکتیڤی نێرینەیە، دیدی ژنان لەسەر بابەتی پەیوەست بە ژنانەوە بەهەند وەرناگیرێت. لەسەر ئەم بنەمایەوە، توێژەرە فێمێنیستەکان ڕەخنە لە میتۆدە باوەکانی توێژینەوە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا دەگرن، بە تایبەتی میتۆدی چەندایەتی و ئەزموونکاری. پێیان وایە کە ئەم میتۆدانە ناتوانن لە لایەنە شاراوەکانی ئەزموونکردنی ژنانە تێبگەن، هەر بۆیە هەوڵی چالاکانە بۆ داهێنانی و بەکارهێنانی میتۆدی تریان هەیە. (محمدپور،٢٠١٣، ل. ١٠٦)

مەعریفەناسی فێمینستەکان دەریدەخەن کە چۆن جێندەر کاریگەری لەسەر تێڕوانیان بۆ چەمکی مەعریفە و پراکتیکی توێژینەوە هەیە. مەعریفە فێمینیستەکان وەک کێشە لەو جۆرە مەعریفانە دەڕوانن کە چۆن چەمک و پراکتیکە باڵادەستەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە هەندێک گروپی مرۆیی، لەنێویاندا ژنان، بەدەر دەکەن و ژێردەستەیان دەکەن. بەم پێیە، مەعریفە فێمینستەکان باسی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەم کێشەیە بە پەرەپێدانی تیۆری و میتۆدی نوێ. سەنتەری ئەم هەوڵە بریتیە لە مەعریفەی پەیوەست، ئەو جۆرە لە مەعریفەکە ڕەنگدانەوەی پێگەیەکی تایبەتی توێژەرە "ئەو کەسەی کە دەیەوێت بزانێت"
(Knower). مەعریفەی پەیوەست بەو مانایە دێت کە جێگیربوونی بابەتەکە لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵاتدا جۆرێک لە مەعریفە بەرهەم دەهێنێت کە " مەعریفەی گەردوونی پیاوانە" بە کێشە دەزانێت. توێژەرانی فێمینیستی گرنگە کە کاربکەن بۆ ئەوەی کە چۆن ڕاستییەکان بڵێن، نەک بابەتیانە ڕاستیەکە بیسەلمێنن، ئەویش لە ڕێگەی ناساندنی چەمکی زانینی پەیوەستەوە بە دۆخی ژنانەوە. ئەو هانی توێژەرانی فێمینیستی دەدات کە دەست بە چەمکی دیدگای لایەنێکی مەعریفەوە بگرن لەبری ئەوەی هەوڵبدەن بۆ بچووککردنەوەی توێژینەوەکانیان بۆ مەعریفەی پیاوسالاری.
(Dragica Vujadinović, 2023, p. 187)

مەعریفە فێمینیستیەکان سەرنج دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن پێگەی کۆمەڵایەتی تاک کاریگەری لەسەر ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە هەیە، و چۆن پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای هۆکارەکانی وەک؛ ڕەگەز، سێکسوالیتی، نەتەوە، ڕەگەز، تەمەن، شوێن و باری ئابووری کۆمەڵایەتی. ئەم هۆکارانە بە هێزەوە داڕێژراون کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی مەعریفەی جێگیر. بەم شێوەیە مەعریفەی فێمینیستەکان ڕێگەی جۆراوجۆریان هەڵبژاردووە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە. (Dragica Vujadinović, 2023, p. 188)

خاڵێکی تری گرنگ لە دیدی فێمێنیستەکان سەبارەت بە مەعریفەی زانستی پەیوەستە بە کاری زانستەوە، پێیان وایە، کە کاری مەعریفەی زانستی ئاشکراکردنی نادادی ڕەگەزییە لە کۆمەڵگا، کە مەبەست لێی بێدەنگ کردنی ووزەی ژنانە بە درێژایی مێژوو. بە مانایەکی تر، کاری توێژەر لەم پارادایمەدا، دەرخستنی نادادیە کۆمەڵایەتیەکانە کە لە بەرگی نایەکسانی ڕەگەزی و ناهاوسەنگی لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەخات.

نایەکسانی ڕەگەزی یەکێکە لە ئاستەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی کە لە دۆخێکی یەکتربڕدا (Intersectionality) کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن، توێژەران گرنگە کە ئاگاداری ئەم ئاوێتەبوونە بن، ئەوانیش بریتین لە:

١.نایەکسانی نەژادی

٢. نایەکسانی تەمەن
٣. نایەکسانی ڕەگەز و جێندەری
٤.نایەکسانی ئاڕاستەکانی سێکسی (محمدپور،٢٠١٣)

**3.7 میتۆدۆلۆژی توێژینەوەی فێمینستی:**

لە پارادایمی فێمینستیدا، کۆمەڵێک میتۆد یان ستراتیژی بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەکاردێن، ئەمیش بۆ گەشتن بە تیۆری و یان تاقیکردنەوەی تیۆری. ئەکرێت میتۆدە فێمینیستیەکان لێکجیاواز بن ، بەڵام لە ئامانجەکاندا هاوبەشن، کە ئەوانیس بریتین لە هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵوێست وەرگرین لە توێژینەوەدا، و پێکهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دەرخستنی فرەڕەهەندی مرۆیی، دادپەروەری، سەربەستی و گرنگیدان بە هەڵوێستی توێژەر. بەگشتی میتۆدەکانی چۆنیەتی لە توێژینەوەی فێمینیستیدا بایەخیان هەیە و بەکاردێن، بۆ بەرجەستەکردنی تایبەتمەندی تیۆری فێمینیستی، بەڵام سوود لە میتۆدە چەندێتیەکان و میتۆدی تێکەڵیش وەردەگرن. (محمدپور،٢٠١٣،ل ٢٢٥)

میتۆدە پەسەندەکانی پارادایمی فێمێنیستی بریتین لە میتۆدە چۆنیەتیەکان، چونکە بایەخ دەدەن بە هەست کردن و تێگەشتن لە کردارە کۆمەڵایەتیەکان. لە ڕێگەیەوە هەوڵی بونیادنانی تیۆری گونجاو دەدەن لە پەیوەندیدا بە پەیوەندیەکانی نیوان توخم، جنسیەت، چینە و ڕەگەز و نەژادەکان. لەڕێگای ئەم میتۆدانەوە، جەخت لە ناوەندسڕینەوە ( Decentralization ) لە مەعریفە دەکەنەوە، کە بەها دەداتە ئەزموونی سپی پێستەکان، چینی مام ناوەند و ڕۆژئاواییی و ئەزموونی نێرینە.

توێژەرە فێمینیستیەکان زیاتر توێژینەوەی چۆنیەتی بەکاردەهێنن بە بەراورد بە چەندێتی. هەروەها توێژینەوەی میتۆدی تێکەڵاو کە توخمەکانی هەردوو ڕێبازی توێژینەوەی چۆنیەتی و چەندێتی تێکەڵ دەکات، بەکاردەهێنرێت بۆ ناسینەوەی چەندین شێوازی مەعریفە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە مێژوودا پەراوێزخراون. ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین چوارچێوەی میتۆدۆلۆژییەوە بەدەست دێت کە هەوڵدەدەن جیهانی کۆمەڵایەتی و واقیعە ژیاوەکانی زۆرێک لە ژنان بە مانای خۆیان بگەیەنن. بەڵام بەگشتی توێژەرانی فێمینیست هەڵوێستێکی بەهێز لە دژی میتۆدۆلۆژیای پۆزەتیڤیستی دەگرنەبەر، بەهاکانی ئەم میتۆدۆلۆژیانە وەک کێشەدار سەیر دەکەن و پارادایمی ناپۆزەتیڤیستی وەک بوونیادگەرایی کۆمەڵایەتی بە باشتر دەزانن، بۆ تێکەڵکردنی توێژینەوە، خودێتی، سۆز و بەرجەستەکردن لە پرۆسەی بوونیادنانی مەعریفەدا. (Parry, B. , 2020, p. 7)

لە گرنگترین ئەو ڕێبازە یان ستراتیژییە میتۆدۆلۆژیانەی کە لە پارادایمی فێمینستیدا بەکاردێن بریتین لە :ئیتنۆگرافی، تیۆری ڕوانگەی فێمینیستی ( Standpoint Theory)، پاش بوونیادگەرایی (Poststructuralism)، و ئینتەرسێکشناڵیزم "یەکتربڕین " ( Intersectionality )

**یەکەم : میتۆدی ئیتنۆگرافی فێمینیستی ( Feminist Ethnography ):**

ستراتیژییەکە لەسەر بنەمای میتۆدی ئیتنۆگرافی بۆ هەستکردن و تێگەشتن لە جیهانی کۆمەڵایەتی ژنان لەسەر بنەما و گریمانە فێمینیستەکانە. بۆخۆی ئەم میتۆدە تێکەڵاوی ستراتیژییەکانی پارادایمی شیکارگەرایی و فێمینیزمییە.

میتۆدی ئیتنۆگرافی یان " خەڵک ناسی"، یەکێکە لە ستراتیژییەکانی توێژینەوەی مەیدانی کە کار لەسەر وەسفی وورد و چڕ دەکات لەسەر کولتورە جیاوازەکان لە ڕوانگەی ناوچەیی ئەو کولتورەوە بەمەبەستی ئاسانکاری لە تێگەشتندا. بۆخۆی " ئیتنۆ" بە مانای خەڵک یان قەوم دێت. لە گرنگترین ئامرازەکان و ستراتیژییەکانی ئەم میتۆدە بریتین لە تێبینکردن بە بەشداریکردن، چاوپێکەوتن و شیکاری بەڵگە و دۆکیۆمێنتەکان. (محمدپور،٢٠١٣، ل. ١٠٥)

میتۆدی مرۆڤناسی فێمینیستی هاوشێوەی پارادایمی ڕەخنەیی، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بەڕەگەزکراو، واتە تێڕوانین بۆ مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ڕەگەزی جیاوازەوە، پێناسە دەکات، کە زۆرینەی کات لە هەژموونی هێزەنادیارەکاندایە. لە کایەی بەرهەمهێناندا لە ژێر هەژموونی سیستەمی سەرمایەداری و لە کایەی زاوزێدا لەژێر هەژموونی سیستەمی نێرسالاریدایە.

ئەم پارادایمە پێی وایە، کە مرۆڤەکان لە بەند و کۆت و سنووردانانەیە کە لەسەر بنەمای ڕەگەزیی دامەزراون، هەربۆیە کردار و بیری نوێ دەتوانێت ئەم بەربەستانە بسڕێتەوە. لەم ڕوانگە ئیرادەخوازییەوە، ئەم پارادایمە هاوشێوەیە لەگەڵ پارادایمی بوونیادی شیکارگەرایی و ڕەخنەییدا. واتە ئیرادەی ئازاد دەتوانێت سنوورە باوەکان و مێژوویەکان لەناوببات، بەتایبەت بە دۆخ و تێگەشتنەوە لە پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا. (محمدپور،٢٠١٣، ل١١٠)

**دووەم: تیۆری ڕوانگەی فێمینیستی:**

ئەم ڕێبازە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە گفتوگۆکانی نێوان فێمینیستەکاندا سەریهەڵدا سەبارەت بە مەعریفەی پیاوسالاری کە پێناسەی "ژن" دەکات لەسەر بنەمای بایۆلۆژی. ساندرا هاردینگ و نانسی هارتستۆک ( Sandra Harding and Nancy) بە پێشەنگی ئەم ڕێبازە ناسراون. تیۆری ڕوانگەی فێمینیستی دەریدەخات کە چۆن بەرهەمهێنانی مەعریفە لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا چەسپاوە. ڕوانگەی فێمینیستەکان دەگۆڕێت لەگەڵ گرتنەبەری ڕێبازە جیاوازەکان لە نێوان فێمینیستەکاندا، ئەمەش خۆی دەرخەری جۆراوجۆری هەڵوێستە زانستییە فێمینیستیەکانە.

چەمکی سەرەکی ڕوانگەی فێمینیستی ئەوەیە کە ئەزموونەکانی ژنان ڕاستییەکە دەڵێن، لە ئەنجامدا مەعریفەیەک دروست دەبێت کە لە پەیوەندیدا بە دەسەڵاتەوە جێگیربووە. لە بەرژەوەندی ڕوانگەی فێمینیستی، ئەم هەڵوێستە مەعریفەناسیانە هۆکاری بەهێز دەخاتە ڕوو کە چۆن ژنان ڕوانگەی تێگەشتنیان لە جیهان لە پیاوان جیاوازە لە دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کاردا. ڕوانگەی فێمینیستی لە بنەڕەتدا جێندەر زیاد دەکات بۆ شیکاری چینایەتی لە توێژینەوەی زانستیدا. (Hesse-Biber, Sharlene Nagy, 2007)

گرتنەبەری ڕێبازی ڕوانگەی فێمینیستی واتە جەختکردنەوە لەسەر ژیانی ژنان وەک ئەوەی کە بە شێوەیەکی جیاواز لە پیاوان ئەزموونی ژیان دەکەن. ئەمەش پێویستە بۆ ئەوەی بە تەواوی لە پەیوەندی نێوان ئەزموون و واقیع و مەعریفە تێبگەین، واتە دەتوانرێت چارەسەری جۆرەکانی چەواشەکاری و دوورخستنەوەی ژنان لە زانستی باڵادەست بکرێت. بە گوێرەی پاتریشیا هێل کۆلینز ( Patricia Hill Collins)، ئایدیای بەرهەمهێنانی مەعریفە دەربارەی ژنان دەبێت ئەزموونی کۆنکرێتی ژنان لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی ئەو ئایدیا مەعریفیانە جێی متمانە بێت. ئەزموونەکانی ژنان ئاماژەن بۆ چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە لەوانەش هەست و سۆز و بەرجەستەکردن .

لای تیۆریستەکانی ڕوانگەی فێمینیستی، مەعریفە لایەنگرە و ناتەواوە و ڕاستی گشتگیر ناخاتە ڕوو. بەڵکو ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و مەعریفە. توێژینەوەی ئەزموونی پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە لە فۆرمە تایبەتەکانی دەسەڵات، پەیوەندی

کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی.

مەعریفە لە ڕێگای ژیانکردنی ڕۆژانەوە پێکدەهێنرێت. ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانیش، زانیاری پشتڕاستکراوە و متمانەدارن، وەک دۆرۆتی سمیس ( Dorothy Smith) لە ڕێگەی "مەعریفەی کار"ەوە باسی دەکات. ڕوانگەی فێمینیستی کاردەکات بۆ هەڵدانەوەی بنەماکانی جێندەر. هەرچەندە، ئەزموون دەبێت بوترێت یان بنووسرێت بۆ ئەوەی هەبێت، واتە پێش هاتنی بۆ ناو زمان بوونێکی ڕەسەنی نییە. هەر لەبەرئەوەیە کە ئەزموون لە ڕێگای ئەو دیسکۆرسانەوە دیاریدەکرێن کە پێی دەدەوێن. لەبەرئەوە، ئەم ڕوانگەیە پێی وایە کە دەبێت ئەزموونی ژیانکردنی ژنان بێتە ناو دیسکۆرسی زانستییەوە لە ڕێگای نووسین و توێژینەوەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەشە لە ڕاستی کۆمەڵایەتی کە بە نادیاری ماوەتەوە، وەدەربخرێت. (Dragica Vujadinović, 2023, p. 190)

**سێیەم : فێمینیستی پاش بوونیادگەرایی:**

پاش بوونیادگەرایی "پۆستستراکتورالیزم" لە ژێر کاریگەری ڕەخنەی ئەدەبیدا لە ساڵانی شەستەکاندا لە فەرەنسا سەریهەڵدا. زۆرێک لە بیرمەندانی ئەم فەلسەفەیە وەک جاک دێریدا، میشێل فۆکۆ و جولیا کریستیڤا سەرەتا بیرمەندی بوونیادگەرایی بوون کە لە پاشدا بوون بە ڕەخنەگری ئەم هزرە و وازیان لە بیرۆکەکە هێنا. بۆیە پاش بوونیادگەرایی دروست بوو. لە جێگای خۆیدایە ئەگەر بڵێین کاری ئەو بیرمەندانە کە لە سەرەتادا بە بوونیادگەرایی ناسراو بوون، پەرەی پێدرا بۆ جۆرێک لە بیرۆکەیەکی نەرمتر و ئاڵۆزتر کە پێی دەوترێت پاش بوونیادگەرایی.

وەک پێناسە، پاش بوونیادگەرایی پشتگیری لەوە دەکات کە زمان ئەو مانایە بەرهەم دەهێنێت کە سوژە ( Subject) پێکدەهێنن. تیۆرییەکانی پاش بوونیادگەرایی ڕوونی دەکەنەوە کە گوتار چۆن سوژەکان بەرهەم دەهێنێن. گوتارەکان چۆن کاردەکەن و کاریگەرییەکانیان لە کۆمەڵگادا چین.

هێڵەکانی نێوان پۆستمۆدێرنیزم و پۆستستراکتورالیزم کاڵن و تەنانەت زۆرێک لە بیرمەندان پێیان وایە کە ناتوانرێت ئەو دووانە بە جیا دابنرێن. تیۆری پۆستمۆدێرن لە وەڵامدانەوە بۆ سنووردارbوونی مۆدێرنیزم و ئەو میتاگێڕانەوەیانەی مۆدێرنیستەکان بەرهەمیان هێناوە سەریهەڵدا. پۆستستراکتورالیزم (بە نموونە دێریدا) بەزۆری پەیوەستە بە تیۆری ،مەعریفە و زمانەوە، لە کاتێکدا پۆستمۆدێرنیزم (بە نموونە فۆکۆ و لیۆتارد) زۆرجار پەیوەستە بە تیۆری کۆمەڵگا و کولتوور و مێژووەوە. فێمینیستەکان هاوڕابوون لەگەڵ تەوەرە پۆستمۆدێرن و پاش بوونیادگەراکاندا سەبارەت بە شلەژانی ناسنامەکان و هەندێکیان هەڵبژاردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەکان، وەک پۆلێنی ژن. جگە لەوەش، ڕەتکردنەوەی ئێپیستمۆلۆژی بە تەواوەتی لەلایەن فێمینیستە پۆستمۆدێرنەکانەوە وەک ئاماژەیەک بۆ وازهێنان لە هەر هەوڵێکە بۆ ئێدیعاکردنی مەعریفە.

پاشبوونیادگەرایی فێمینیستی بە جەختکردنەوە لەسەر لۆکاڵی، لایەنگری و ناڕوونی هەر دیدگایەک بۆ جیهان، دژخخوازی تێدەپەڕێنێت. فێمینیستەکان دەستیان کرد بە پێداچوونەوە بە تیۆری ڕوانگەیی. بە نموونە، هارستۆک (Hartstock ) دەستیکرد بە پێداچوونەوە بە تێزە بنەڕەتیەکەی بۆ ڕێبازی ڕوانگەی فێمینیستی، کە پێیوابوو کە بەجەختکردنەوە لەسەر بابەتە هاوبەشەکانی ژنان خۆیان دەتوان مەترسی بخەنە سەر سەرکۆتکردنی جیاوازییە گرنگەکانی نێوان ژنان و ئەزموونەکانی ژیانیان لە پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا وەک ؛ سپی پێست، ڕەشپێست، هاوڕەگەزخوازەکان، هەژار، ئیمتیازدار، کۆلۆنیالیزم و هتد. بە پێی پاشبوونیادگەرایی، واقیع لە ڕووی کۆمەڵایەتی و گوتارییەوە بوونیاد دەنرێت. بەم پێیە، پاشبوونیادگەراییە فێمینیستەکان بەڕاستی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جێندەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و گوتارییەوە لە ئەنجامی کاریگەری ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان بوونیاد دەنرێت.

توێژەرە فێمینیستە پۆستمۆدێرنەکان ڕەخنە لە ڕوانگەی فێمینیستی و ئەزمونگەرایی فێمینیستی دەگرن کە جەوهەرگەراییێن لەو شێوازانەی کە پۆلێنە شوناسییەکان وەک ژن بەکاردەهێنن، ئەمەش بەهۆی گرنگیدانیان بە جیاوازییە جێندەرییەکان کە وەک جەوهەری و گەردوونی وێنا دەکرێن.

بیرمەندی پاشبوونیادگەرایی جوان سکۆت (Joan Scott) ڕەخنە لە تیۆری ڕوانگەیی و گرنگیدان بە ئەزموونی ژنان دەگرێت کە بە وتەی خۆی لە زمان و گوتاردا بوونی هەیە، لێرەوە گوتارەکانی ئەزموونی ژنان لە دەرەوەی مەبەستی قسەکەر یان نووسەر بوونیاد دەنرێن. لە ئێپیستمۆلۆژیای پاشبوونیادگەراییدا هێز وەک گوتار تێدەگەین و نەک وەک موڵکی یەک ڕەگەز. بەم پێیە، هێزی خود، بە پێی ڕوانگەی پاشبوونیادگەرایی فێمینیستی، ئازاد نییە لە دەسەڵاتی گوتاری.

پاشبوونیادگەرایی فێمینیستی، کە بەزۆری بە فێمینیزمی شەپۆلی سێیەم ناسراوە، پۆلێنکردنی دووانەیی نێر و مێ بە کێشە دەزانێت و دەڵێن زمان و گوتار لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی ژیانی ڕۆژانەوە سوژەی جێندەری دروست دەکات. (Dragica Vujadinović, 2023, p. 190)

توێژەرە فێمینستەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڕوانینیان بۆ بابەتی توێژینەوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، پێیان وایە کە بابەتەکانی پەیوەیست بە پرسی ژنەوە بە شێوەیەکی گوتاریی بوونیاد نراوە. لەبەرئەوە توێژەرانی ئەم بوارە هەوڵدەدەن کار لە سەر لامەرکەزیکردنی دەستەڵاتی دەوڵەتی بکەن بەمەبەستی چاکسازی یاسایی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەیەوە پەرە بە گوتاری یەکسانی جێندەری بدەن.

**چوارەم : ئینتەرسێکشناڵیزم " یەکتربڕین" :**

چەمکی ئینتەرسێکشناڵیزم لەلایەن فێمینیزمی ڕەشپێستەکانەوە ( Black Feminist ) لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پەرەی پێدراوە، بەتایبەتی لەلایەن کیمبەرلی کرێنشاوە ( Kimberlé Crenshaw) کە سەرنجی لەسەر یەکتربڕینی جێندەر و نەژاد بووە. کرێنشاو چەمکی ئینتەرسێکشناڵیتی وەک شێوازێکی جیاواز پێناسە کرد کە فاکتەری نەژاد لەگەڵ جێندەردا کاریگەری لەسەر شێوازەکانی ئەزموونی کارکردن و ژیانی کۆمەڵایەتی ژنانی ڕەشپێست هەیە. ئەزموونەکانی ژنانی ڕەنگدار " مەبەست لە ڕەشپێست و قاوەیی و جگە لە سپیپێستە" لە شێوەکانی جیاکاری و پەراوێزخستنی فرەییدا وەدەرنراون. شایەنی باسە کە زۆر پێش دەستپێکردنی چەمکی ئینتەرسێکشناڵیتی، فێمینیستەکان پێشتر لە یەکتربڕین لەگەڵ پێکهاتەکانی تری هەژموونەکانی وەک چینایەتیدا، جێندەریان شیکردەوە. بۆ نموونە بزووتنەوەی دژە کۆیلایەتی فێمینیستەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەهەمدا. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە بەکارهێنانی سەرەتای چەمکی ئینتەرسێکشناڵیتی لە پراکتیکی فێمینیستدا لەسەر بنەمای یەکتربڕینی لانیکەم دوو میحوەری باڵادەستی بووە. ئەمەش جێندەر و نەژاد، یان جێندەر و چین لەخۆدەگرت. ئینتەرسێکشناڵیتی گۆڕانکارییەکی چەمکی لە فەلسەفە و توێژینەوەی فێمینیستدا هێناوەتە ئاراوە کە لە ڕێگەیەوە زانایان لە ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان تێدەگەن.

ئینتەرسێکشناڵیتی فێمینیستی سەرنج دەخاتە سەر تێگەیشتنە فرەڕەهەند و فرە چینەکان لە هێز و مەعریفە. بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی هێز لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، گرنگە بزانین بابەتەکان چۆن هەڵکەوتوون؛ جێگیربوون یان شوێنی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لە چوارڕێیانەکانی هێزدا. (Parry, B. , 2020, p. 4)

کارەکانی ئەم دواییەی فێمینیستەکان لەسەر ئینتەرسێکشناڵیتی تیشک دەخاتە سەر

چەندین فۆڕمی سیستەمی هەژموونگەرایی و ئیمتیازدارەکان (Privileged). بەم شێوەیە، توێژینەوەکانی ئینتەرسێکشناڵیتیدا، دیدگای چەندین گرووپی پەراوێزخراو لە شیکاریدا جێگیر دەکرێت، لەوانەش ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی گرووپە ئیمتیازدارەکان. لێرەدا دەرئەنجامەکە بریتیی دەبێت لە بەکێشەکردن و ئاڵنگاریکردنی بەگەردوونیکردنی دەرئەنجامەکان. توێژینەوەکانی ئینتەرسێکشناڵیتی ئەوە دەردەخەن کە هیچ کاتێک تەنها فاکتەرێک تاکە هۆکاری پەراوێزخستن و هەژموونی نییە؛ بەڵکو بەشێکن لە ڕێکخستنێکی فراوانتر. بە بڕوای کەتی دەیڤس (Kathy Davis)، "ئینتەرسێکشناڵیتی بریتییە لە کارلێکی نێوان جێندەر، نەژاد و پۆلەکانی تری جیاوازی لە ژیانی تاکەکان، پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان و ئایدۆلۆژیای کولتووری و دەرئەنجامی ئەم کارلێکانە لە ڕووی هێزەوە". (Dragica Vujadinović, 2023, p. 192)

هێز توخمێکی گرنگە لە شیکاریی ئینتەرسێکشناڵیتیدا. توێژینەوە فێمینیستەکان پێکەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی دژە ڕەگەزپەرستی، پۆستکۆلۆنیالیزم، هاوڕەگەزخوازی، پیاوسالاری و کەمئەندامی، بەردەوامن لە بەرزکردنەوەی چۆنیەتی بوونیادنانی نۆرمەکان و چۆنیەتی کارلێکی پەیوەندییەکانی هێز لەگەڵ یەکتردا. "دەتوانرێت لە هەموو پەیوەندییەکاندا، لە هەموو ئاستەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا لە کردەی تاکەکەسیەوە تا پراکتیکی دامەزراوەیی، ئینتەرسێکشنی هێز بدۆزرێتەوە"

ئامانجی بەکارهێنانی ئینتەرسێکشناڵیتی لە توێژینەوە فێمینیستەکاندا تەنها زیادکردنی زۆرترین پۆل بۆ شیکارییەکەمان نییە، بەڵکو فراوانکردنی دیدگاکە و بیرکردنەوەیە لەوەی کە چ هۆکارگەلێک ڕەنگە لە نێوکۆیەکی دیاریکراودا پەیوەندیدار بێت، لەگەڵ چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی و شوێنی دیاریکراودا. "ڕێبازێکی ئینتەرسێکشناڵیتی تەنها کاری دەستنیشانکردنی شێوازەکانی هێز نیە. بەڵکو بەکاردەهێنرێت بۆ بەکێشەکردنی پۆلێنە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان و زانینی ئەوەی کە چۆن ئەمانە بەهێز دەکرێن یان تەحەدا دەکرێن". (Dragica Vujadinović, 2023, p. 192)

توێژەرە فێمینیستەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕوانگەی تاک ڕەهەندییان لە ڕێگەی ڕوانگەی ئینتەرسێکشناڵیتیەوە شی کردووەتەوە. ئەم جۆرە شیکارییە وایکردووە کە توێژەرانی فێمینیستی لە شیکاری بابەتەکانیان و حوکمەکانیاندا بتوانن بە وردی لە فرەیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بنەمادارەکانی هەردوو چەوساندنەوە و ئیمتیازات دا لە هەر سێ ئاستی ماکرۆ، مێسۆ[1]" ناوەند" (Meso) و مایکرۆدا بکۆڵنەوە. بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی جێندەر، سێکسواڵیتی، چین، نەژاد، نەتەوە، ئایین، تەمەن، و (کەمتوانایی) بە بە هەندوەرگرتنی دۆخی مێژوویی-کۆمەڵایەتیی نێوکۆکە شی دەکرێتەوە.

دروست بوونی ڕێبازی ئینتەرسێکشناڵیتی بێ ڕەخنە نەبووە. زۆرجار توێژەران ڕەخنە لەم شێوازە دەگرن بە بەکارهێنانی وەک پێکهاتەیەکی زیادەی توێژینەوە. ڕەخنەکان زیاتر بۆ مشتومڕی هەوڵدان بۆ خستنەڕووی چەندین جۆری جیاکاری و چەوساندنەوە، زەمینەکانی ئەم ڕێبازە وەک ڕێبازی زیادە و چەسپاندن بەکاردەهێنرێن. ئەمەش زۆرجار چەوسانەوە لە پۆلە جیاکراوەکانی سێکسیزم، ڕەگەزپەرستی، هاوڕەگەزخوازی و چینایەتیدا کورت دەکاتەوە. (Parry, B., 2020, p; 4)

**4.7. ئامرزەکانی کۆکردنەوەی داتا :**

توێژینەوەی فێمینیستی سوود لە چەندین ئامرازی کۆکردنەوەی داتا وەردەگرێت لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتادا، هەندێک جار ئەم ئامرازانە وەک تەنها میتۆدیش بەکاردەهێنرێن. کە ئەوانیش بە کورتی بریتین لە :

1. ڕووپێوی ئاماری لە توێژینەوەی تێکەڵاودا
2. یاداشت و مێژووی زارەکی
3. چاوپێکەتن، ژیاننامە
4. فۆکەس گرووپ
5. Photovoice: بەکارهێنانی وێنە وەک ئامرازی گەیاندنی مەعریفە لای ئەو بەشداربووانەی توێژینەوە کە ناتوانن بە ووتە دەریببڕن.
6. چاوپێکەوتنی قووڵ (Parry, B. , 2020, p. 20)

## 8. لۆژیکی شیکردنەوە لە پارادایمی فێمینیستیدا:

ئەم پارادایمە لە هەر چوار جۆرەکەی شیکاریکردن " ستراتیجی توێژینەوە " (Research strategies) سوود وەردەگرن، کە بریتین لە : هەڵهێنجان" پێوانە" (Deductive)، ئیستیقرائی "لێخوێندنەوە" (Inductive) ،گەڕانەوەیی " رجعی" (Retroductive) ، و ڕفێنەر "خاطف" ( Abductive) . لەسەر ئاستی میتۆدیشدا، ئەم ستراتیژیانە لە میتۆدەکانی چەندێتی و چۆنیەتی و هەروەها تیۆرییەکاندا بەرجەستە بکات. بەکارهێنانی ئەم لۆژیکە لێکدراوە دەبێتەهۆی خوڵقاندن و ئاراستەکردنی هەست و تێگەشتنێکی بەرفراوان و گشتگیر،و فرەڕەهەند و قووڵتر لە جیهانی کۆمەڵایەتیەکە. (محمدپور،٢٠١٣، ل١١٠)

## 9. ئاکاری توێژینەوە لە پارادایمی فێمینیستی دا:

هەندێک پرسی ئاکاری لە ئەنجامدانی توێژینەوەی فێمینیستیدا کە توێژەران دەبێت ڕەچاوی بکەن، چونکە کار لەگەڵ گرووپێکی هەستیاردا دەکەن لە کۆمەڵگادا کە پێگە لاوازن، ئەکرێت مامەڵەی ئاکاری پێویست بێت بۆ بەدەستهێنانی ڕاستی سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە ، پرسیارە ئاکارییەکانیش بریتین لە:

١. ئایا ئەم توێژینەوەیە هێزی بەخشیوە بە بەشداربووان ؟

٢. ئایا توێژینەوەکە هیچ زیانێکی گەیاندووە بە تاکەکان یان وەک گرووپی توێژینەوەکە؟

٣. ئایا توێژینەوەکە تێگەشتنی کەسی بەشداربووان و ئەزموونی ژیانیان بەرز ڕادەگرێت؟ (Parry, B. , 2020, p. 28)

## ئەنجام

پارادایمی فێمینیستی لە نوێترین و گرنگترین پارادایمەکانی توێژینەوەیە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە دونیابینی توێژەر سەبارەت بەپرسەکانی پەیوەست بە ژنانەوە دەخاتەڕوو. ئەرک و ڕۆڵی توێژەر لە پارادایمی فێمینیستیدا، بریتیە لە هەڵوێست وەرگرتن لە بارەی بەهاکانەوە، بە تایبەتی بەهای جۆری ڕەگەزی، کە تێدا توێژەر وەک پارادایمەکانی شیکارگەرایی و ڕەخنەیی، بەهاکان جەوهەرین لە توێژینەوەدا، لای

ئەمان بەها فێمینیستیەکان لە پێش هەموو بەهاکانی ترەوەن. بە پێچەوانەی پارادایمی پۆزیڤیستیەوە، کە دەبێت توێژەر ئازاد بێت لە بەهاکان و بابەتیانە و لە دەرەوەی بابەتی توێژینەوەکەوە بڕوانێت. هەڵوێستی توێژەر لەم پارادایمەدا بۆخۆی چالاکی ئەخلاقی و سیاسیە، بە دوای لەناوبردنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگادا کۆشش دەکات، کە لەم دۆخەدا ژنان دەگرێتەوە. توێژەری فێمێنیستی، بۆ تێگەشتن لە ڕاستی پشت بە ئەو ستراتیژییە میتۆدۆلۆژیانە دەبەستێت کە بتوانێت دۆخی ڕاستەقینەی بابەتی توێژینەوەکە، کە دۆخی ژنانە لە کایەکانی کۆمەڵگادا بەرجەستە بکات. هەر لەم ڕوانگەیەوەیە کە پێیان وایە پارادایمەکانی تر، بە تایبەتی پۆزیتیڤیزمی، ڕوانگەیەکی گشتی بەرهەمدەهێنێتەوە لە مەعریفەدا، کە زۆرینەی بار ئەم ڕوانگەیە لە ژێر هەژموونی تێگەشتنی نێرسالاریدایە. تەنانەت ژمارە و پێوەرەکانیش کە بە ڕواڵەت بابەتی دەردەکەون، بەڵام لایەنگری هێزی باو و سەردەست دەکەن کە لە کۆمەڵگادا هەیە, چونکە جیهانی کۆمەڵایەتی پیاوان زاڵن بەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی ژناندا. توێژەرە فێمینیستەکان لەو باوەڕەدان کە مەعریفە دەتوانێت بۆ چاککردنی بارودۆخی کەسەکان بەکاربهێنرێت، لەگەڵ مەبەستە ئەکادیمی و زانستیەکەیدا. واتە کلیلی توێژینەوەی فێمینیستی ئەوەیە کە مەعریفەی بەسوود بەرهەمبهێنێت بۆ تێگەشتن و گۆرانکاری لە نایەکسانی جێندەریدا، بەمەبەستی باشترکردنی ژیان و بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگادا.

## سەرچاوەکان

### کوردی :


ئەمین, ه( ٢٠١٧ ) فێمینیزم : فێمینیزم، دەروازەی چارەسەری کێسەکانی ژنان. سلێمانی: دەزگای ئایدیا, لاپەڕە. ٢١ - ٣٢.

ئەسوەد،نەوزاد.ا (٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستەمرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.

محمدپور، د. احمد (٢٠١٣)، و. سەعید کاکەیی، فەلسەفەی میتۆد لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، خوێندنەوەیەک بۆ کێشە پارادایمیەکانی سەردەم ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر

جمال, ش.( ٢٠١٧ ) دەروازەیەک بۆ فێمینیزم :ک .وەرگێڕ .,فێمینیزم . سلێمانی: دەزگای ئایدیا , لاپەڕە ٩-٢٠


### ئینگلیزی:


Armstrong, E., 2020. Marxist and Socialist Feminism. Massachusetts: Smith College.

Dragica Vujadinović, M. F. T. G., 2023. Gender-Competent Legal, Örebro: Springer Textbooks in law.

Giardina, C., 2010. Freedom for Women: Forging the Women's Liberation Movement, 1953–1970. Florida: University Press of Florida.

Hesse-Biber, Sharlene Nagy. (2007). Feminist research practice : a primer. Thousand Oaks :SAGE Publications, London.

Hsieh & Shannon (2011) Three Approaches to Qualitative Content Analysis, SAGE, Vol.15 No. 9, November 2005 1277-1288.

Kuhn, Thomas S. (1970) The Structure of Scientific Revolutions. Chicago: University of Chicago Press

Moloney, M., 1996. Feminist Social Research: Epistemological and Methodological Implications. Ohio: Oberlin College.

Parry, B. (2020). Feminist research principles and practices. In S. Kramer, S. Laher, A. Fynn, & H. H. Janse van Vuuren (Eds.), Online Readings in Research Methods. Psychological Society of South Africa: Johannesburg. https://doi.org/10.17605/OSF.IO/BNPFS

Saeidzadeh, Zara. (2023) Gender Research and Feminist Methodologies, D. Vujadinović et al. (eds.), Gender-Competent Legal Education, Springer, Textbooks in Law, https://doi.org/10.1007/978-3-031-14360-1_6 page (184- 210)

Valenti, J., 2010. . “The Fake Feminism of Sarah Palin.” Washington Post. [Online] Available at: https://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2010/05/28/AR2010052802263.html?sid=ST2010052804193%E2%80%9D [Accessed 06 09 2023].